ئەوارانە ..٣٦.. سەردار جاف

ئەم ئەوارە
بانەژیەکی سوتماک
پە لە چەقوانی
تاریکی کزکز باڵ دەکێشێ بە سەر گەڵا بە گەڵای دارەکە
مانگ بە پێپلیکانەی ڕەشناییدا دێتە خوارەوە
لە پەیژەی قرچەقرچی دەمدا هەڵدەخزێ
پێیەکانی بە سەر لێشمدا دەترازێنێ
هەنسکی خەر
دوا ترپەی ماسئاوایی بە نەو چەوانی شەبەقی ڕۆژدا دا
ئیدی چەلەکەی سەردارەکەی دراوسێی ناجریوێنێ
تەنها زەنگی مەبایلەکە نەبێ
بە داهانی ماڵێ تەنهاییەکە دێ و دەچێ
پیاسەیەک بە بەر دەرگای ژوورەکانا دەکا
هاوارێک لە پەنهانی
سوورمەی سوخمەکەی دەترازێنێ و ڕۆژ دەبریسکێنێ
ئەو لەو دیو هاوار و ناڵینێ
من لەڕەی گەگرتنا تاماویم لە جێی شیرینێ
هەناسەم داوەتە بەر گەی ئاگرەکەی
دەسوتەم گەڵ بە جەستەموە دیار نییە
گەڵەی بەن
لە زەمانێ ئاوەژووەکانەوە هەڵدێ
پەکەنینەکانی دونیام بە گریانەکانی ئەڵەم سێی
چارەکەیەک خەمم بە هات
لە سندوقی پەستەکەمدایە
پە بوو لە فرمێسک و تاریکی شەهلا
تەنهایی منی پەویست بوو
دەرزەکەرەکی دەروازەی دەزووی گرێدانی بووم
شەو منی لە تەلیسمی تاریکی ئاماند
کەچی گەوگای گریانەکم بوو
حەسرەتکانمی بە خەو گرێ دابوو
تە هەشتان
لە دەرزەکردنەکەی من ناگەی
من سواڵی بزەی لەوت و
نیگای تیلە و

ماچی گۆنا و
شەرابی سینە و
مەستبوونی خەرەندی توانەوەی تەمە
هەر وەک و لە سەراغی
کۆتا تاریکی و تەنهایی و
بۆ ئاگابوونەوەی مەستی و
سەمای لێو و
ماچی تۆ و
تێربوونی نیگا و
دارەداری ئیشقی بی حەوسەڵەیی خەمە
ئیتر نازانم بۆ دڵی بەکەسم
ئەوێ نییە هەر لە ناو چاومی و
خەشم دەوی خەشوێسترین کەسم

٢٠٢٣ / ٥ /٢١